هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٦) لە ٢٠١٩/٩/٤

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥) لە ٢٠١٩/٩/٤، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەك لە بەڕێزان وەزیرانی (پەروەردە، دارایی و ئابووری، و پلاندانان) بۆ پوختکردنەوەی پێشنیار و داواکارییەکانی وەزارەتی پەروەردە هاتوو لە ڕاپۆرتی وەزارەت تایبەت بە پێداویستییە هەنووکەییەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بە جۆرێك پێداویستییەکان و بڕی پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دەستنیشان بکرێت تا دواتر بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت.

٢. هەمان لیژنەی پێکهاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، جگە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە بە دانانی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە شوێنی بەڕێزیان، کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ پوختکردنەوەی پێشنیار و داواکارییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هاتوو لە ڕاپۆرتی وەزارەت تایبەت بە پێداویستییە هەنووکەییەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بە جۆرێك پێداویستییەکان و بڕی پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دەستنیشان بکرێت تا دواتر بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت.

٣. ڕاسپاردنی هەمان لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ دیراسەکردنی وردتری بابەتی دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەتایبەتی لە ڕووی دابینکردنی میلاکاتی پێویست و تەرخانکردنی پێویست بۆ مووچە و دەرماڵەکانیان و دواتر لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کۆتایی بخرێتەڕوو بۆ بڕیاردان.

٤. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (پلاندانان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بازرگانی و پیشەسازی) ئەولەویەت بە بەستنەوەی پلان و سیاسەت و ستراتیژی خوێندنی باڵا بە پێداویستییەکانی بازاری کارەوە و گرنگیدان بە ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران و ڕاهێنانیان بە جۆرێك جگە لە بواری ئەکادیمی و تیۆری، فێرکردنی پراکتیکیش هەبێت بە ئاراستەی پەرەپێدانی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووان لە کەرتی تایبەت و هەموارکردنەوەی یاساکانی کار و دەستبەری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەم ئامانجەدا هەروەك لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمدا بە ڕوونی هاتووە لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری وەزارەتەکانیان.

٥. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران